# مردن

## باشترین ئامۆژگاری یە

ئامادە کردنی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

=======================================================

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحیم

## لەگەڵ کێمە !!

- وتەکانم  لەگەڵ کەسانێک دەست پێدەکەم، کە سستی ئەنوێنن لەکردنی نوێژەکان، لە دەریای گوناه و تاوان نقوم بوون ، شەوان بە گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا و تەماشاکردنی فیلم بەسەر دەبەن و بە بێئاگایی دەخەون، و بەیانیانیش هەر بەم حاڵەوە بەخەبەر دێنەوە، نوێژی بەیانیان دەبێتە قوربانی زیندووکردنەوە و کۆبوونەوەی شەوان.

- قسەکانم بۆ کەسانێکە کە بەدەستی خۆیان هاورێکانیان بەخاک دەسپێرن و خۆیان لە گۆڕ و مەرگ بێئاگان، لەگەڵ پیاوان و ئافرەتانێکمە، کە جلوبەرگی جوان و گرانبەها ئەپۆشن و بێئاگان لە جلوبەرگی ناو گۆڕ.

بەڵێ، لەگەڵ کەسانێک دەدوێم کە بۆ ژیانی دونیا توێشوو کۆدەکەنەوە و لە توێشووی ئاخیرەت بێئاگان،باوەڕ و ئیمانیان هەیە  بە گۆڕ و سزای گۆڕ ، بە قیامەت و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، بە حیساب و تەرازوو، بەڵام هەوڵنادەن بۆ ڕزگار بوون لە نارەحەتیەکانی ئەو ڕۆژە .

## تا ئێستا بیرت کردۆتەوە؟

ئایا بیرت کردۆتەوە، کە هەرچەندە مرۆڤ لەم دونیایەدا بژی و هەرچەندە تەمەنی درێژ بێت و لەزۆنگاوی ئارەزووەکانیدا تێر تێر بنۆشێ و بەدرێژایی ڕۆژگار شوێنکەوتووی خۆزگەکانی بێت ، یەک چارەنووسی نەگۆڕی هەیە، کە ئەویش ((مردنە)) ، هەروەک خودای پەروەردگار دەفەرموێت : [ كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ]

واتە: هەموو نەفسێ دەبێت مردن بچێژێت (کەی ، لەکوێ ، بەچی خودا نەبێت کەس نازانێت) پاشان دەگەڕێنرێنەوە بۆ لامان .

- مردن ئەو چرکانەیە، کە فریشتەی گیان کێشان لێت نزیک دەبێتەوە بانگت دەکات بۆ بەهەشت یان دۆزەخ.



- مردن تەنهایيە .
- تەنهایی گۆڕ و کفنە.
- لە گۆڕێکی تەنگ و تاریک دایت .
- تەنها خۆت و کردەوەکانت .
- هیچ کەس ئاگای لە حاڵت نیە .

## بە دڵنیاییەوە ئەو ڕۆژە دێت

بەڵێ ئەو ڕۆژە دێت، کەپەردەی غەیب لەپێش چاوانت لائەبەن، فریشتەی مەرگ (ملک الموت) بە هەیبەتەوە بۆ کێشانی ڕۆحی تۆ دادەبەزێ، بەڵێ بیر لەو ساتە بکەوە، کە چۆن پێڵوی چاوەکانت بۆ هەمیشەیی لەسەریەک دابنرێن وە لاشەو جەستەی بێ جووڵەو وشک بووی (جامدی) تۆ بۆ شوێنی مردوو شۆران ببەن ئەو ڕۆژە تۆ هیچ توانات بەسەر لاشەی خۆتدا نابێت، بەڵکو کەسانی تر دەتشۆن.

ئەو ڕۆژە دێت کە کفنت لەبەرکەن و جلی فەخرو فیز و جوانیت لەبەر داکەنن و بتخەنە ناو چاڵێکی تەنگ و تاریک کە گۆڕە، لە ڕاستیدا لەو ڕۆژەدا کارەبا و ڕۆشنایی لەبیربکە، هەتا درز و بۆشاییە بچوکەکانیش بە خشت و قوڕ ئەگرن و ئەبەستن، هاوڕێ و براو هەتا هاوسەری ئازیزت کە لە هەموو کاتە سەختەکاندا لەگەڵتدا بووە بەجێت دەهێڵێ بەتەنیا، تەنانەت لە گۆڕ وجەستەکەت ئەترسێت ،دوای ئەوەی چاڵی قەبرەکە پڕ کرایەوە بە خۆڵ هەمووان ئەڵێن خودا لێی خۆش بێت و تەنها خۆت ئەمێنیتەوە لەناو گۆڕەکە، بەتەنیا خۆت و کردەوەکانت، خۆت و نەکیرو مونکەر، تەنها خۆتی و خۆت.

# یەکەم شەوی ناو گۆڕ

هاورێی ئەزیزم: تۆ تەنها دوو ڕۆژ لەژیانتدا بەسەر ئەبەیت و لە دوو ڕۆژ زیاتر نیە، شەوی یەکەم لەگەڵ ماڵەوە و هاورێکانت بەپێکەنین وشادی و لەش ساغی بەسەر دەبەیت، بەخۆشی و شادی بەپێکەنین و قاقا. شەوەکەی تر، یەکەمین شەوی ناو گۆڕ، شەوێک کە بە ترس و دڵەڕاوکێ بەسەری ئەبەیت لەترسی پرسیار و وەڵام ، شەوێک کە تەنیایت و نە خێزانت نە منداڵەکانت لەگەڵ نابێت، بەڵێ ئەوە یەکەم شەوی ناو گۆڕە، ، شەوێکە کە داهاتووی هەمیشەیی تۆی تێدا دیاری دەکرێ، شەوێکە کە بەیانی ئەو شەوە قیامەتە و خۆرهەڵاتنێکی تری بەدواوە نایەت.



شەوێکە کە ئیتر بانگبێژ بۆ نوێژی بەیانی بانگ نادات، ئیتر و لە ئەمڕۆوە هیچ کات گوێبیستی «الصلاة خیر من النوم» نابیت، شەوێک بەیانیەکەی لە گۆڕەکەت زیندو دەبیتەوە و بەرێ ئەکەوی بۆ لای خودای گەورە.

کەواتە هاوڕێی ئەزیزم : برای من ، خوشکی من ، کوڕی خۆم ، کچی خۆم! تا کەی بێئاگایی و دووری لە خوا؟ تا کەی گوێڕایەڵی کردنی نەفس و شەیتان، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دڵە ڕەقەکانمان بە تەوبە نەرم کەینەوە؟

* * * * *

## ئایا تا ئێستا قەبرت بینیوە؟

ناوی ئەم شوێنە قەبرە وە هەروەها گۆڕیشی پێدەڵێن.



ئێرە مالّی هەموو دەولّەمەندو و هەژارێک، هەموو لوتبەرز و لاوازێکە

لێرەدا کۆتایی دێت بەهەموو پێکەنین و قاقاکان .

لێرەدا نارەحەتی و سزا هەیە..

لێرە خۆشی و نیعمەتی فراوان هەیە .

لێرەدا کەسانێک پێویستیان بە یەک ڕکات نوێژ و یەک کردەوەی خێر هەیە ئێرە قەبرە، ئەو شوێنەی کە حەزمان لێی نیە و لێی بێئاگاین ، بەلّێ ئێرە گۆڕە ، ئایا سەرنجت داوە کە چەن تەسک و بچووکە؟

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کە هەموو ئازیزانت فەرامۆش ئەکەی.

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کەتەرازووی دادپەروەری ئیلاهی دادەنرێت و خۆت و کردەوەکانت بۆ ئەوێ ئەبەن.

بیرکەوە ، بیری ڕۆژێک کە پێت دەڵێن بەسەر پردی سیرات بپەڕێوە.

کەواتە ئەی هاوڕێی ئازیزم : هەر ئەمرۆ، نەخێر، هەر ئەم ساتەی ئێستا کە ئەم نامیلکەیە ئەخوێنیتەوە بگەڕێوە، لە دڵەوە بڕیار بدە و سووربە لەسەری و بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگار، لەو تەمەنەی کە بێسوود بەفیڕۆت داوە تەوبە بکە، تۆبە بکە لەو تاوانانەی پێشووت لاپەڕەیەکی سپی هەڵبدەرەوە ، ژیانێکی نوێ دەست پێ بکە .

==============



ببینە و پەند وەربگرە

هاوڕێ و کەسوکارت پەلە دەکەن بۆ ناشتنت
هەمویان تا ئێرە لەگەڵت دێن
پاشان ئیتر خۆت و کردەوەکانت
دەی تا کەی بیر ناکەیتەوە
تا کەی بەردەوامی لەسەر تاوان کردن
تا کەی خۆت غافڵ دەکەی لە قەبر و قیامەت؟
تا کەی نوێژەکانت بە جوانی ناکەی و ئێرەی پێ ڕوناک بکەیتەوە؟
تا کەی

## لەسەر جێگای مردن


خوێنەری بەڕێز: بیهێنە پێش چاوت کە تۆ ئێستا لەسەر جێگا ڕاکشاویت و لەسەرەمەرگی و چاوەڕێی فریشتەی گیان کێشانی و دوای چەند ساتێکی تر ڕوحەکەت لەلاشەت جیادەبێتەوەو دەردەچێ و ماڵئاوایی هەتاهەتایی لەدونیا دەکەیت، ماڵئاوایی لەخزم و کەس و کارو هاوڕێکانت دەکەیت وەپاشان پاک دەتشۆنەوە، دواجار بەکفنی سپی بەرگت بۆ دەدوورن و پاش چەند خولەکێک نوێژت لەسەر دەکەن و بەرەو گۆڕ بەڕێت دەکەن، و لەدوایی ناشتنت ماڵئاواییت لێ دەکەن و بەتەنها خۆت دەبیتە میوانی گۆڕ، تەنها خۆت و بەس، کەست لەگەڵ نامێنێ نە باوک و نە دایک و نە خێزان و نە منداڵ و نە براو نە خوشک و.. هتد.

ئێستا کە تۆ لەناو گۆڕیت بەتەنها لەمەنزڵگای غەریبانی ئەگەر چاکەخواز بیت ئەوە بێ گومان گۆڕەکەت پڕ دەبێت لەنازو نیعمەتی خوایی، بەڵام بەپێچەوانەوە ((خوا پەنامان بدات)) ئەگەر لەکۆمەڵی خراپەکاران بیت ئەوە گۆڕەکەت دەبێتە شیوێک لەشیوەکانی دۆزەخ.



# بیر بکەرەوە پێش پەشیمانی

برا و خوشکی بەڕێزم : چەندین ساڵت لە ژیانی ئەم دونیایە لە دەست چووە لەخوداپەرستی و خواناسی، بیربکەرەوە چەندین نوێژت لەکیس چووە، چەندین ڕۆژووت نەگرتووە، چەندین چاکەت لەدەست چووە، چەندین تاوانت کردوە و لە بیرت کردووە چەندین... چەندین.. هتد!! ئێستا تۆ لەناو ئەم گۆڕەدا ئاهی پەشیمانی هەڵئەکێشی، بەڵام تازە بێ سوودە..



کە خرایتە ناو گۆڕەوە پێت دەوترێت: ئەی نەوەی ئادەم کوا گوێت کە ببیستێ؟ کوا چاوت کە ببینێ؟ کوا زەمانت کە زەمان درێژی بکەی؟ ماڵ و دارایەکەت چی بەسەرهات؟ تۆ دونیات کۆکردەوە یان دونیا تۆی کۆکردەوە؟ تۆ دونیات تەرک کرد یان دونیا تۆی تەرک کرد؟ لەخاک دروست بوویت و گەڕایتەوە بۆ خاک، بەبێ گوناە لەدایک بوویت و بە بارێک گوناهەوە مردی، بە لاوازی و بێتوانای و گریانەوە هاتیتە دونیاوە و بە لوتبەرزی و غورور لە دونیا ڕۆیشتی.

ئای مرۆڤی ئازاد و عاقڵ لەبەر خاتر چ کەسێ گۆڕ و سزاکەی لەبیر ئەکەیت؟

## لە یادت نەچێ دەگەڕێیتەوە لای پەروەردگارت

ئەی ئەو کەسەی سەرپێچی پەروەردگارت کردووەو یاخی بووی لە فەرمانەکانی، لە یادت نەچێت ڕۆژێک دێت لە بەردەستی پەروەردگارت ڕادەوەستیت، لەپاش ئەوەی بەناوی خۆت بانگ دەکرێی لەنێو هەموو خەڵکدا دەچیتە بەردەستی پەروەردگارت بەتەنهایی، دەبێت ئەو ساتانە بەلاتەوە چۆن بێت کە ڕاوەستاویت و بەدەستت تیانووسی کردەوەکانت توند گرتووەو بەچاوی خۆت هەموو لاپەڕەکانت خوێندۆتەوە ،کە پڕ بووە لەتاوان و سەرپێچی.

بەڵێ لەم ساتانەدا کە بەتەنهایی لەبەر دەستی پەروەردگارت ڕاوەستاویت، وێنەی هەموو تاوانەکانت دێتەوە یاد کە ئەنجامت داوە

براو خوشکی بەڕێزم : وەڵامت چۆن دەبێت ئەگەر پەروەردگارت پێی ووتی: ئەی بەندەکەم.. باشە بۆ منت بەگەورە نەزانی؟ باشە بۆ شەرمت لە من نەکرد؟..نەتزانی من چاودێرم بەسەرتەوە، بۆ تاوانت دەکرد؟



# ئەمە دنیایە جوان بیبینە

ماڵ و سەروەت و سامان و پارە و دۆلارەکانت تا ئێرە لەگەڵت دێن

وە خزم و کەس و کارت تا ١٥ خولەک دوای ناشتنت دەوەستن

پاشان هەمووی بە جێت دەهێڵن

تەنها و تەنها خۆت و کردەوەکانت

لە قەبرێکی تەنگ و تاریک

دەی بە ئاگا وەرەوە

تا کەی لە خەوی غەفڵەت ڕاناچەڵەکێی

تا کەی تاوان دەکەی

تا کەی ڕوو لە خوای گەورە ناکەی

کەس پێی وتوی تا پیر نەبیت نامریت؟

کەس زەمانی ئەوەی بۆ کردووە؟

ئەی نازانی مردن لە ناکاو دێ؟

ئەی نازانی مردن گەنج و پیری ناناسێ؟

بیر بکەوە و بگەڕێرەوە بۆ لای خوا

پێش ئەوەی لە قەبرێکی تەنگ و تاریک بە جێت بهێڵن

ئەم دوو وێنە تەنها 15 دەقە نێوانیان بووە!!

خوشك و برای موسڵمان بیرێك لە دووای مردنت بكەرەوە ،، ببینە یەك كەس و یەك شت لەلات نامێنێتەوە ،، تەنها خۆت و كردەوەكانت دەبیت!!



پێش بەجێهێشتنی ماڵ و سامانەکەت خێر و سەدەقەی لێ بکە

چونکە دوای مردنت بەتانیەکیشت لەگەڵدا ناخەنە قەبرەوە

وە ماڵی حەرام کۆمەکەرەوە

دوای خۆت ماڵ و منالّت لەسەری ڕابوێرن و تۆش لە گۆڕدا سزاکەی بچێژی



## ئایا خۆت ئامادە کردووە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم چوار پرسیارە ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت :هەدوو پێی هیچ عەبدێک نییە لە ڕۆژی قیامەتدا هەنگاو بنێت تاوەکو پرسیاری چوار شتی لێنەکرێت :

١- سەبارەت بە تەمەنی لە چیدا بە سەری بەردووە ؟

٢-وە سەبارەت بە زانستەکەی ئایا کردەوەی پێ کردووە ؟

٣- وە سەبارەت بە پارە و ماڵەکەی چۆن پەیدای کردووە و لە چیدا خەرجی کردووە ؟

٤- وە سەبارەت بە لاشەی لە چیدا بە کاری هێناوە و دایهێناوە ؟

صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٤١٧) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٥٩٢) .



## زەنگی ئاگادارکردنەوە

ئەی خوێنەری خۆشەویست: ئێستا کە تۆ چاوت خستۆتە سەر ئەم چەند دێڕەو ئەم نووسراوە دەخوێنیتەوە دیارە هێشتا هەناسەت لەبەر ماوەو ژیانت کۆتایی نەهاتووە ئەبێت ئاگادار و چالاک و وریا بیت.. بەردەوام بە لەسەر خواناسی و خوداپەرستی ئەگەر تاوانێکت ئەنجام داوە هەر ئێستا پەشیمان بەرەوەو بگەڕێوە بۆ لای خوای باڵادەست پێش ئەوەی مردن یەخەت بگرێت.

**وصلى الله على محمد وعلى آله محمد**

**تێبینی :**

بۆ ئامادە کردنی ئەم نامیلکەیە سود وەرگیراوە لە کتێبــی :

مردن لە دەرگا دەدا لە وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە : ئەندازیار باوکی ئاسیا

وە نامیلکەی : دوا وێستگەی ژیان (مردن) لە نوسینی : م. پشتیوان محمد